# وێنەیەک لە قورئانەوە

تەنیا حاجی



2024

# وێنـــەیەک
# لە قـــورئانی پـــیرۆز

کتێبی : وێنەیەک لە قورئانەوە
ئامادەکردنی : تەنیاحاجی
دیزاین : تەنیاحاجی
چاپی : یەکەم
ساڵی : 24-4-2024

# پــێشەکی :

سوپاس و ستایش بۆ ئەو پەروەردگارەی ڕێنمووی کاری چاکەی کردووین و کار ئاسانیمان بۆ دەکات , بۆ ئەوەی لە خزمەت قورئانی پیرۆز بین , دڵ و دەروونمان ئاسوودە و ڕۆشن بکەین , ئەم پەرتووکەی لەژێر دەستایە پێکهاتووە لەو سووڕەتانەی کە لە جوزئی عمە هەیە , لە ڕێگەی وێنەوە هەوڵمداوە تەفسیرێکی سادە بۆ ئایەتەکان بکەم تاوەکو کارئاسانی بێت بۆ تێگەیشتن , لەم پەرتووکە پشتم بەستووە بە تەفسیری ( ڕێبەر , ئاسان , پوخت ) هەر کامیان ڕوونتر بووبێت دامناوە , لەکۆتایدا داوا لەخودای گەورە دەکەم بیکاتە تێشوو بۆ قیامەتمان و ئارامی و ڕووناکی بۆ دڵمان ...

مافی ئەو بەرهەمە پارێزراوە بۆ دانەر , هەر ناوەندێک لەبەری بگرێتەوە و هەوڵی چاپ کردنی بدات بەبێ مۆڵەت , لە ڕێگای یاساوە سزا دەدرێت

tanyahaji7
0750 395 42 69

# سورەتی الناس

## خەڵکی



قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ (1)

ئەی محمد ﷺ بڵێ: پەنا دەگرم بە پەروەردگاری خەڵکی.

مَلِكِ النَّاسِ (2)
إِلَٰهِ النَّاسِ (3)

پادشای خەڵکی
بە خودای خەڵکی

مِن شَرِّ الْوَسْوَاسِ الْخَنَّاسِ (4)

پەنا دەگرم بە خودا
لە شەڕ و خراپەی ئەوەی وەسووەسە
دەخاتە دڵ و دەروونەوە



الَّذِي يُوَسْوِسُ فِي صُدُورِ النَّاسِ (5)

ئەو شەیتانەی وەسووەسە
دەخاتە دڵی خەڵکەوە




مِنَ الْجِنَّةِ وَالنَّاسِ (6)

لە جنۆکە و ئادەمیزاد
ئەوانەی شەیتان سیفەتن

# سوڕەتی الفلق

## بەرەبەیان



قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ (1)

ئەی محمد ﷺ بڵێ: پەنا دەگرم بە پەروەردگاری کە بەرەبەیان پێش دەهێنێت.



مِن شَرِّ مَا خَلَقَ (2)

لە شەڕ و خراپەی هەرچی دروستی کردووە

وَمِن شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ (3)

لە شەڕ و خراپەی شەو کاتێک دونیا تاریک دەبێت





وَمِن شَرِّ النَّفَّاثَاتِ فِي الْعُقَدِ (4)

لە شەڕ و خراپەی ئەو کەسانەی جادوو دەکەن پەت و دەزوو گرێ دەدەن و فوی پێدا دەکەن

وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ (5)



لە شەڕ و خراپەی حەسوود و بەخیل کاتێک حەسوودیت پێ دەبەن

# سورەتی الاخلاص

## دڵسۆزی



قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ (1)

ئەی محمد ﷺ پێیان بڵێ: خودا
تاک و تەنها و بێ هاوەڵە

اللَّهُ الصَّمَدُ (2)

ئەو دەسەڵات دارە
هەموو دروستکراوەکان
پێویستیان بە ئەوە , ئەو
پێویستی بە کەس نییە

لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ (3)

خودای گەورە کەسی لێ نەبووە و وە
کەسیش لەو نەبووە , هەر کەسێک
لەدایک بێت ئیلا دەمرێت

وَلَمْ يَكُن لَّهُ كُفُوًا أَحَدٌ (4)

وە خودای گەورە هاوشێوەی
نییە و هیچ کەسێک لەو ناچێت



# سورەتی المسد

## حەبلێک لە ڕیشاڵ



**تَبَّتْ يَدَا أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ (1)**

دەستەکانی بشکێت ئەبو لەهەب
ڕسوا بیت، ئاشکرایە کە هەر
ڕاسوایش دەبیت

**مَا أَغْنَىٰ عَنْهُ مَالُهُ وَمَا كَسَبَ (2)**



ماڵ و دارای و ئەو شتانەی کە بە دەستی
هێناوە، فریای نەکەوت



**سَيَصْلَىٰ نَارًا ذَاتَ لَهَبٍ (3)**

لە ئایندەدا دەخرێتە ناو ئاگرێکی
بڵێسەدارەوە

**وَامْرَأَتُهُ حَمَّالَةَ الْحَطَبِ (4)**
**فِي جِيدِهَا حَبْلٌ مِّن مَّسَدٍ (5)**



هەروەها ژنەکەشی کە هەمیشە هەڵگری
کۆڵە دارە و (ئازاری پێغەمبەر دەدات)

گوریسێکی چنراو لە پوشی خورما لە
گەردنیایەتی (لە قیامەتیش دا زنجیری
ئاسن دەکرێتە گەردنی)

# سورەتی النصر

## سەرکەوتن



إِذَا جَاءَ نَصْرُ اللَّهِ وَالْفَتْحُ (1)

کاتێ یارمەتی و کۆمەکی خوا دێت،
شاری مەککە ڕزگار دەکرێت و
دەرگای ئازادی واڵا دەکرێت



وَرَأَيْتَ النَّاسَ يَدْخُلُونَ فِي دِينِ
اللَّهِ أَفْوَاجًا (2)

خەڵکیشت بینی پۆل پۆل دەچنە ڕیزی ئاینی
خوداوە و خودا دەپەرستن




فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَاسْتَغْفِرْهُ ۚ
إِنَّهُ كَانَ تَوَّابًا (3)

ئەوسا ئیتر تۆ سوپاس و ستایشی
پەروەردگارت بکە و داوای لێ خۆش بوونی
لێ بکە، چونکە بەڕاستی خوا زۆر چاوپۆشی
دەکات و تۆبە وەرگرە

# سورەتی کافیرون

## کافران



قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ (1)

ئەی محمد ﷺ بە بێ باوەڕەکان بڵێ

لَا أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ (2)

من ئەو بتە ناپەرستم کە ئێوە
دەیپەرستن


وَلَا أَنتُمْ عَابِدُونَ مَا أَعْبُدُ (3)

وە ئێوەش ئەو خودایە ناپەرستن کە من
دەیپەرستم



وَلَا أَنَا عَابِدٌ مَّا عَبَدتُّمْ (4)

وە من ئەو خواپەرستییە ناکەم
کە ئێوە دەیکەن



وَلَا أَنتُمْ عَابِدُونَ مَا أَعْبُدُ (5)

وە ئێوەش ئەو خودا پەرستییە ناکەن
کە من دەیکەم

لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ (6)

کەواتە ئاینی خۆتان بۆ خۆتان
و ە ئاینی خۆشم بۆ خۆم

# سورەتی الكوثر

## کەوسەر



**إِنَّا أَعْطَيْنَاكَ الْكَوْثَرَ (1)**

ئەی محمد ﷺ بەڕاستی خێرێکی زۆرمان لە دونیا و دوارۆژ پێتبەخشیووە



**فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ (2)**

دەسا نوێژەکانت تەنها لەبەر ڕەزامەندی پەروەردگارت ئەنجام بدە



**إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ الْأَبْتَرُ (3)**

بێگومان ئەوەی ڕقی لە تۆیە و لە ڕێی هیدایەت لایداوە لە هەموو ئەو چاکانە دادەبڕێت

# سورەتی الماعون

## قاپ و مەنجەڵ

## أَرَأَيْتَ الَّذِي يُكَذِّبُ بِالدِّينِ (1)

ئایە سەرنجی ئەو کەسانەت داوە
کە باوەڕیان بە ئاین نییە ؟

## فَذَٰلِكَ الَّذِي يَدُعُّ الْيَتِيمَ (2)

ئەو کەسانەی پاڵ بە هەتیوو دەنێن و
پیایی هەڵدەشاخێت لەجیاتی دڵنەوایی
بکات



## وَلَا يَحُضُّ عَلَىٰ طَعَامِ الْمِسْكِينِ (3)

وە یارمەتی هەژار نادات و هانی کەسیش
نادات بۆ بەخشین



## فَوَيْلٌ لِّلْمُصَلِّينَ (4)

## الَّذِينَ هُمْ عَن صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ (5)

ئینجا هاوار بۆ نوێژەکەرانێک

کە لە نوێژەکانیان غافڵن و کاری پێ
ناکەن



## الَّذِينَ هُمْ يُرَاءُونَ (6)

نوێژەکانیان تەنها ڕووکەشە و بۆ
فریودانی خەڵکییە

## وَيَمْنَعُونَ الْمَاعُونَ (7)

هەوڵی قەدەغەکردنی هەموو چاکە و
یارمەتی و کۆمەکیەک دەکەن

# سورەتی القریش

## هۆزی قورەیش



**لِإِيلَافِ قُرَيْشٍ (1)**

لەبەر کۆبوونەوەی هۆزی قوڕەیش
کە خوویان گرتووە



**إِيلَافِهِمْ رِحْلَةَ الشِّتَاءِ وَالصَّيْفِ (2)**

کە گەشتی هاوینە بۆ شام و زستانە بۆ
یەمەن دەکرد بە مەبەستی بازرگانی



**فَلْيَعْبُدُوا رَبَّ هَٰذَا الْبَيْتِ (3)**

کەواتە با خودای گەورە بپەرستن خاوەن
ماڵ کە کەعبەیە




**الَّذِي أَطْعَمَهُم مِّن جُوعٍ وَآمَنَهُم مِّنْ خَوْفٍ (4)**

ئەو زاتەی خۆراکی پێ بەخشین و لە
برسیەتی ڕزگاری کردن و لە ترس
پاراستوونی و ئاسایشی بۆ پەیدا کردوون

# سورەتی الفیل

## فیل



أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصْحَابِ الْفِيلِ (1)

ئەی محمد ﷺ ئایە نەتزانیووە خودا چی کرد لە خاوەن فیلەکان ؟



أَلَمْ يَجْعَلْ كَيْدَهُمْ فِي تَضْلِيلٍ (2)

ئایا سەری لێ نەشێواندن و پیلان و نەخشەکانیانی پووچ نەکردەوە؟!



وَأَرْسَلَ عَلَيْهِمْ طَيْرًا أَبَابِيلَ (3)

پۆل پۆل باڵندەی نەناردە سەریان؟!



تَرْمِيهِم بِحِجَارَةٍ مِّن سِجِّيلٍ (4)

تاوەکو بەبەردی سەنگگڵ (وەك خشتی سوورەوە کراو)، بەرد بارانیان بکەن

فَجَعَلَهُمْ كَعَصْفٍ مَّأْكُولٍ (5)

سەرنجام پەرش و بڵاوی کردن کردی بە پەند و چیرۆک

# سوڕەتی الهمزە

## توانجدان و گاڵتە کردن بە خەڵک



وَيْلٌ لِّكُلِّ هُمَزَةٍ لُّمَزَةٍ (1)

هاوار و ناڵە بۆ هەر کەسێک بەدوای
کەم و کوڕی و عەیبی خەڵک دەگەڕێت

الَّذِي جَمَعَ مَالًا وَعَدَّدَهُ (2)

ئەو کەسەی ماڵ و سامانێکی زۆری
کۆکردۆتەوە هەر خەریکی ژماردنیتی





يَحْسَبُ أَنَّ مَالَهُ أَخْلَدَهُ (3)
كَلَّا ۖ لَيُنبَذَنَّ فِي الْحُطَمَةِ (4)

وادەزانێت ماڵ و سامانی دەبێتە
تەمەن درێژی بۆی ؟

نەخێر سوێند بەخوا دەخرێتە ناو
حطمەوە

وَمَا أَدْرَاكَ مَا الْحُطَمَةُ (5)
نَارُ اللَّهِ الْمُوقَدَةُ (6)

جا تۆ چووزانی حطمە چییە ؟

بریتییە لە ئاگری بڵێسەداری خودا





الَّتِي تَطَّلِعُ عَلَى الْأَفْئِدَةِ (7)
إِنَّهَا عَلَيْهِم مُّؤْصَدَةٌ (8)

ئەو ئاگرەی ڕوو دەکاتە ناو جەرگەی دڵ و
دەروونەکان


ئەو ئاگرو دۆزەخە لە شوێنێکدایە کە
سەرگیراوو دەرگا داخراوە لەسەریان

فِي عَمَدٍ مُّمَدَّدَةٍ (9)

لەناو چەند بڵێسەیەکی ئاگردان
کە هیچ جوڵەیەکیان نییە

# سورەتی العصر

## سەردەم و زەمان



وَالْعَصْرِ (1)

سوێند بە زەمان بە کاتی عەسر



إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ (2)

بەڕاستی ئادەمیزاد لە زەرەرمەندی و خەسارەتمەندیدایە



إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ
وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ (3)

جگە لەوانەی کە باوەڕیان هێناوەو کارو کردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوەو ئامۆژگاری یەکتریشیان کردووە کە هەمیشە پابەندی حەق بن

# سوڕەتی التكاثر

## زۆر پەیداکردن

## أَلْهَاكُمُ التَّكَاثُرُ (1)

## حَتَّىٰ زُرْتُمُ الْمَقَابِرَ (2)



ئەی خەڵکینە ! سەرگەرمیتان بۆ ماڵ و منداڵ و سامان ئێوەی بێ ئاگا کردووە لە خواناسی

هەتا دەخرێنە ناو گۆڕەوە !

## كَلَّا سَوْفَ تَعْلَمُونَ (3)

## ثُمَّ كَلَّا سَوْفَ تَعْلَمُونَ (4)



وازبهێنن دەزانن چ قورێکتان کرتۆتەوە

دووبارە دەیڵێمەوە وازبهێنن !

## كَلَّا لَوْ تَعْلَمُونَ عِلْمَ الْيَقِينِ (5)

## لَتَرَوُنَّ الْجَحِيمَ (6)



وازبهێنن ئەگەر ئێوە دەتانزانی بە ڕاستییەکان وا بێ ئاگا نەدەبوون لە خواناسی

سوێند بەخوا دۆزەخ دەبینن

## ثُمَّ لَتَرَوُنَّهَا عَيْنَ الْيَقِينِ (7)



دووبارە سوێند بەخوا بەچاوی سەر دۆزەخ دەبینن

## ثُمَّ لَتُسْأَلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ النَّعِيمِ (8)

لەو ڕۆژەدا پرسیارتان لێ دەکرێت دەربارەی ناز و نیعمەتەکانتان لەچیدا بەکارتان هێناوە

# سورەتی القارعە

## لێدانی سەخت

الْقَارِعَةُ (1)


مَا الْقَارِعَةُ (2)

وَمَا أَدْرَاكَ مَا الْقَارِعَةُ (3)

(یەکێکە لە ناوەکانی ڕۆژی قیامەت)
واتە: ئەو گرمەیەیی دڵان دەلەرزێنێت

ئایە قارعە چییە ؟

ئەی مرۆڤ تۆ چووزانیت ئەو ڕۆژە چییە ؟




**يَوْمَ يَكُونُ النَّاسُ كَالْفَرَاشِ الْمَبْثُوثِ (4)**
**وَتَكُونُ الْجِبَالُ كَالْعِهْنِ الْمَنفُوشِ (5)**

ئەو ڕۆژەی خەڵک وەک پەپولەی
سەرگەردان پەرش و بڵاو دەبن

کێوەکانیش چاڵیان تێدەکەوێت شی
دەبنەوە

**فَأَمَّا مَن ثَقُلَتْ مَوَازِينُهُ (6)**

**فَهُوَ فِي عِيشَةٍ رَّاضِيَةٍ (7)**

جا ئەوەی تەرازووی چاکەی قووڕس بێت

بەختەوەر و سەرفراز دەبێت و دەژیەت





**وَأَمَّا مَنْ خَفَّتْ مَوَازِينُهُ (8)**

**فَأُمُّهُ هَاوِيَةٌ (9)**

وە ئەوەی تەرازووی چاکەی سووک بێت

دایکی ئەو دۆزەخە و لە دۆزەخ دەبێت

**وَمَا أَدْرَاكَ مَا هِيَهْ (10)**

**نَارٌ حَامِيَةٌ (11)**

جا تۆ چووزانی هایە چییە ؟

ئاگرێکە هەرگیز خامۆش نابێت



# سورەتی العادیات

## ئەسپەکان کە غار دەدەن



## وَالْعَادِيَاتِ ضَبْحًا (1)

سوێند بە دەنگی ئەو ئەسپ و ماینانەی کە
لەکاتی غارە غار دەنگ دروست دەکەن



## فَالْمُورِيَاتِ قَدْحًا (2)

سوێند بە ناڵەی ئەسپەکان کاتێک خۆیان
دەکێشن بە بەرد و پرۆشکی ئاگر فڕێ دەدەن



## فَالْمُغِيرَاتِ صُبْحًا (3)

## فَأَثَرْنَ بِهِ نَقْعًا (4)

## فَوَسَطْنَ بِهِ جَمْعًا (5)

ئەو ئەسپانەی لە بەیانیان هێرش دەکەنە سەر
دووژمنان

وە لەکاتی ڕۆیشتن تەپ و تۆز دروست دەکەن

وە لەکاتی شەڕ هەمووی لە ناوەڕاست
کۆدەبێتەوە

## إِنَّ الْإِنسَانَ لِرَبِّهِ لَكَنُودٌ (6)

## وَإِنَّهُ عَلَىٰ ذَٰلِكَ لَشَهِيدٌ (7)



وە سوێند بەوانەی سووپاسی خودا ناکەن و
کەمتەرخەمن

کە خۆشیان لە قیامەتدا شاهێدی ئەوە دەدەن
کەمتەرخەمن



## وَإِنَّهُ لِحُبِّ الْخَيْرِ لَشَدِيدٌ (8)

مرۆڤ بەڕاستی خۆشەویستی زۆری بۆ ماڵ و سامان هەیە بۆیە چاوچنۆکە



## أَفَلَا يَعْلَمُ إِذَا بُعْثِرَ مَا فِي الْقُبُورِ (9)

ئایا نازانێ کاتێک زیندوو دەکرێنەوە لەناو قەبر دەردەکرێن



## وَحُصِّلَ مَا فِي الصُّدُورِ (10)

ئەوەی لە سینگ و نەفسی شاردووتیەوە ئاشکرا دەبێت ؟

## إِنَّ رَبَّهُم بِهِمْ يَوْمَئِذٍ لَّخَبِيرٌ (11)



خودای گەورە زانست و زانیاریەکی زۆری دەربارەی هەیە و هیچ شتێک لەو ناشاردرێتەوە جا تایبەت لەو ڕۆژەدا

# سورەتی الزلزله

## لەرزین و هەژاندن



## إِذَا زُلْزِلَتِ الْأَرْضُ زِلْزَالَهَا (1)

کاتێك زەوی دەهێنرێتە لەرزەو بوومەلەرزە زۆر بەهێزەکەی بۆ پێشهات




## وَأَخْرَجَتِ الْأَرْضُ أَثْقَالَهَا (2)

هەرچی لە زەویدا هەبوو لە مادده سەنگینەکانی ناوی دەری پەڕاندو هێنایە دەرەوە




## وَقَالَ الْإِنسَانُ مَا لَهَا (3)

ئادەمیزادیش دەڵێت: ئەوە چیەتی، بۆ وای لێهات؟ ئیماندار دەزانێت ڕۆژی قیامەتە



## يَوْمَئِذٍ تُحَدِّثُ أَخْبَارَهَا (4)

لەو ڕۆژەدا زەوی هەواڵەکانی خۆی دەگێڕێتەوە...



بِأَنَّ رَبَّكَ أَوْحَىٰ لَهَا (5)

بەهۆی ئەوەی کە پەروەردگارت فەرمانی بۆ دەرکردووە



يَوْمَئِذٍ يَصْدُرُ النَّاسُ أَشْتَاتًا لِّيُرَوْا أَعْمَالَهُمْ (6)

ئەو ڕۆژە خەڵکی دەستە دەستە بەرەو گۆڕەپانی لێپرسینەوە دەردەچن، بەپەرش و بڵاوی، تا کارو کردەوەکانیان ببیننەوە (دیارە کە نامەی کردەوەکان تۆمار کراوە بەدەنگ و ڕەنگەوە)



فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ (7)

جا ئەوەی بەقەدەر سەنگی گەردیلەیەك خێرو چاکەی ئەنجام دابێت دەیبینێتەوە



وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُ (8)

ئەوەش کە بەقەدەر سەنگی گەردیلەیەك شەڕو خراپەی هەبێت، دەیبینێتەوە

# سورەتی البينە


## بەڵگە

لَمْ يَكُنِ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ وَالْمُشْرِكِينَ مُنفَكِّينَ حَتَّىٰ تَأْتِيَهُمُ الْبَيِّنَةُ (1)

ئەوانەی کە بێ بڕوا بوون لە خاوەن نامە و بتپەرستەکان تاوەکو نیشانە ڕاستەکەیان بۆ هات

رَسُولٌ مِّنَ اللَّهِ يَتْلُو صُحُفًا مُّطَهَّرَةً (2)

ئەویش کۆتا پێغەمبەر لەخوداوە کە چەند پەڕەیەکی قورئانیان بۆ دەخوێنێتەوە



فِيهَا كُتُبٌ قَيِّمَةٌ (3)

کە تیایانە چەند نووسراوێکی سووڕەتێکی بە نرخ

وَمَا تَفَرَّقَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ إِلَّا مِن بَعْدِ مَا جَاءَتْهُمُ الْبَيِّنَةُ (4)

جا خاوەن کتێبەکان دەستە دەستە و پارچە پارچە نەبوون، دوای ئەوە نەبێت کە بەڵگەو نیشانەی ئاشکرایان بۆ هات

وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاءَ وَيُقِيمُوا الصَّلَاةَ وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ ۚ وَذَٰلِكَ دِينُ الْقَيِّمَةِ (5)

لەگەڵ ئەوەشدا کە فەرمانیان پێ نەدرا بوو مەگەر بەوەی کە پەرستشی خوا بکەن بەدڵسۆزی ملکەچی بۆ بکەن خۆیان بە دوور بگرن لە هەموو بیرو باوەڕێکی خوارو خێچ وە نوێژ بکەن و زەکات بدەن وە ئەمەیە ئاینی ڕاست.

إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ وَالْمُشْرِكِينَ فِي نَارِ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا ۚ أُولَٰئِكَ هُمْ شَرُّ الْبَرِيَّةِ (6)

بێگومان ئەوانەی کە بێ بڕوابوون لە خاوەن پەیام و بت پەرستەکان لە ئاگری دۆزەخان تێیدا دەمێنەوە بە ئیجگاریی ئا ئەوانە خراپترینی هەموو دروست کراوێکن



إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ أُولَٰئِكَ هُمْ خَيْرُ الْبَرِيَّةِ (7)

بەڕاستی ئەوانەی کە بڕوایان هێناو کردەوە چاکەکانیان کرد ئا ئەوانە چاکترینی هەموو دروستکراوێکن

جَزَاؤُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ جَنَّاتُ عَدْنٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ۖ رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ ۚ ذَٰلِكَ لِمَنْ خَشِيَ رَبَّهُ (8)

پاداشتی ئەوان لای پەروەردگاریان بەهەشتانێکە جێ ی دانیشتن و مانەوەی هەمیشەیی یە ڕووبارەکان بەژێریاندا دەڕوات دەمێننەوە تێیدا بە ئیجگاری، خوا لێیان ڕازی بوو وە ئەوان لەخوا ڕازی بوون ئەمە بۆ کەسێکە کەلە خوا بترسێ

# سوڕەتی القدر

## پلە و پایە بەرز



إِنَّا أَنزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةِ الْقَدْرِ (1)

بێگومان ئێمە قورئانمان ناردە خوارەوە
لەشەوی قەدر و بەڕێزدا

وَمَا أَدْرَاكَ مَا لَيْلَةُ الْقَدْرِ (2)

تۆ چوزانییت کە شەوی قەدر و ڕێز چییە ؟

لَيْلَةُ الْقَدْرِ خَيْرٌ مِّنْ أَلْفِ شَهْرٍ (3)

ئەو شەوە چاکترە لە هەزار مانگ !



تَنَزَّلُ الْمَلَائِكَةُ وَالرُّوحُ فِيهَا
بِإِذْنِ رَبِّهِم مِّن كُلِّ أَمْرٍ (4)


لەو شەوەدا فریشتە و جیبرییلیش لە
ناویاندا دێنە خوارەوە بەفەرمانی
پەروەردگاریان لەهەموو کاروبارێکدا

سَلَامٌ هِيَ حَتَّىٰ
مَطْلَعِ الْفَجْرِ (5)

ئەو شەوە کاتێکی ئنترام و ئاشتی دەبێت
تاوەکو کاتی خۆرهەڵاتن

# سورەتی العلق

## دڵۆپە خوێنێکی مەیوو



اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ (1)

ئەی پێغەمبەر ﷺ بخوێنە بە ناوی پەروەردگارتەوە کە هەموو شتێکی دروست کردووە

خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ (2)

مرۆڤی دروست کردوە لە خوێنێکی بەستوو






اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ (3)

بخوێنە،پەروەردگاری تۆ لە هەموو کەس بەخشندەترە

الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ (4)

ئەوەی کە مرۆڤی فێرە نووسین کردووە بە قەلەم





عَلَّمَ الْإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ (5)

مرۆڤی شارەزا کردووە بەو شتانەی کە نەیدەزانی

كَلَّا إِنَّ الْإِنسَانَ لَيَطْغَىٰ (6)

بەڕاستی مرۆڤ یاخی دەبێ

أَن رَّآهُ اسْتَغْنَىٰ (7)

کە خۆی دەبینێت وا دەوڵەمەند بووە

أَرَأَيْتَ الَّذِي يَنْهَىٰ (9)

باشە، پێم بڵێ ئایا ئەو کەسەی کە فەرمان دەدات و ڕێگری دەکات؟!...

إِنَّ إِلَىٰ رَبِّكَ الرُّجْعَىٰ (8)

بێگومان هەر بۆ لای خودا دەگەڕێنەوە



أَرَأَيْتَ إِن كَانَ عَلَى الْهُدَىٰ (11)

ئەی ئەگەر ئەو کەسەی قەدەغەی لێدەکرێت لەسەر ڕێبازی هیدایەت و چاکە بێت!!

عَبْدًا إِذَا صَلَّىٰ (10)

لە بەندەیەکی خوا کاتێك نوێژ دەکات!!...



أَرَأَيْتَ إِن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ (13)

ئەی ئەگەر (کابرای خوانەناس) بەرنامەی خوا بەدرۆ بزانێت و پشتی تێ بکات

أَوْ أَمَرَ بِالتَّقْوَىٰ (12)


مرۆڤی شارەزا کردووە بەو شتانەی کە نەیدەزانی

**كَلَّا لَئِن لَّمْ يَنتَهِ لَنَسْفَعًا بِالنَّاصِيَةِ (15)**

نەخێر.. سوێند بەخوا ئەگەر کۆڵ نەدات و کۆتایی (بە دوژمنکاری نەهێنێت)، ئێمە پێشە سەری دەگرین (بۆ دۆزەخ کێشی دەکەین)

**أَلَمْ يَعْلَم بِأَنَّ اللَّهَ يَرَىٰ (14)**

ئایا نەیزانیووە کە خوا دەیبینێت و ئاگای (لە گوفتارو کرداریەتی)؟!



**فَلْيَدْعُ نَادِيَهُ (17)**

ئینجا وازی لێبهێنە، با هاوەڵ و هاوبیرو باوەڕانی بانگ بکات بۆ دژایەتی ئیمانداران

**نَاصِيَةٍ كَاذِبَةٍ خَاطِئَةٍ (16)**

ئەو پێشە سەرە درۆزنە و تاوانکارە !



**كَلَّا لَا تُطِعْهُ وَاسْجُدْ وَاقْتَرِب ۩ (19)**


نەخێر بەگوێی ئەو جۆرە کەسانە مەکە، تۆ هەر سەرگەرمی نوێژو سوژدە ببەو بە بەندایەتی خۆت لە پەروەردگارت نزیك بکەرەوە

**سَنَدْعُ الزَّبَانِيَةَ (18)**

ئێمەش فریشتەکانی کاربەدەستی دۆزەخی بۆ بانگ دەکەین (تا تۆڵەی لێ بسێنن و لە دۆزەخ توندی بکەن)

# سورەتی التین

## هەنجیر




**وَالتِّينِ وَالزَّيْتُونِ (1)**

سوێند بە هەنجیر و زەیتوون

**وَطُورِ سِينِينَ (2)**

بەکێوی طوری سینا (کە خوا گفتوگۆی
لەگەڵ حەزرەتی موسا، لەوێدا کرد)





**وَهَٰذَا الْبَلَدِ الْأَمِينِ (3)**

سوێند بەم شارە ئەمینە، کە (مەککە) یە

**لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ (4)**

مرۆڤمان بە جوانترین شێوە
دروست کرد



**ثُمَّ رَدَدْنَاهُ أَسْفَلَ سَافِلِينَ (5)**

ئەگەر ڕێگای خواناسی نەگریت
دەخرێیتە نزمترین شوێنی دۆزەخ



**إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ فَلَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ (6)**

جگە لەوانەیە کە باوەڕیاهێناوە و چاکەکارن
شوێنیان بۆ هەمیشە بەهەشتە

**فَمَا يُكَذِّبُكَ بَعْدُ بِالدِّينِ (7)**

جا ئیتر چی وای لێکردوویت باوەڕت بە
ڕۆژی دوایی نەبێت ؟

**أَلَيْسَ اللَّهُ بِأَحْكَمِ الْحَاكِمِينَ (8)**

ئایە خۆت لە خودا پێ باشتر و فەرمان ڕەواترە ؟

# سوڕەتی الشرح

## ڕوونکردنەوە

## أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ (1)


ئەی پێغەمبەر ﷺ ئایە دڵ و دەروونمان ئاسوودە نەکردیت ؟

## وَوَضَعْنَا عَنكَ وِزْرَكَ (2)

ئایە باری گرانمان لەسەر شانت لانەبرد ؟

## الَّذِي أَنقَضَ ظَهْرَكَ (3)

ئەوەی کە پشتی تۆی هیلاک کرد بوو ؟



## وَرَفَعْنَا لَكَ ذِكْرَكَ (4)

ناو و ناوبانگی تۆمان بەرز نەکردەوە ؟

## فَإِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا (5)

بەڕاستی لەگەڵ تەنگانەدا خۆشی و ئاسوودەی دێت

## إِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا (6)

بێگومان لەگەڵ تەنگانەدا خۆشی و ئاسوودەی دێت

## فَإِذَا فَرَغْتَ فَانصَبْ (7)

جا کاتێك لەکارێکی خێر دەبیتەوە، خۆت ماندوو بکە بەکارێکی خێری ترەوە

## وَإِلَىٰ رَبِّكَ فَارْغَب (8)

با هەمیشەو بەردەوام حەزو ئارەزووت بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوا بێت، بەردەوام خەڵکیش هان بدە تا پەروەردگارت بناسن و لە هەوڵی ڕەزامەندی ئەودا بن

# سوڕەتی الضحى

## چێشتەنگاو

**وَالضُّحَىٰ (1)**

سوێند بە چەشتەنگاو



**وَاللَّيْلِ إِذَا سَجَىٰ (2)**

سوێند بە شەو کاتێك بەتاریکیەکەی زەوی دادەپۆشێت



**مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا قَلَىٰ (3)**

پەروەردگارت دەستبەرداری تۆ نەبووەو وازی لە تۆ نەهێناوەو خەشمی لێ نەگرتوویت



**وَلَلْآخِرَةُ خَيْرٌ لَّكَ مِنَ الْأُولَىٰ (4)**

بێگومان قیامەت و دوارۆژ چاکترە بۆ تۆ لە دنیا



**وَلَسَوْفَ يُعْطِيكَ رَبُّكَ فَتَرْضَىٰ (5)**

لە ئایندەدا پەروەردگارت ئەوەندە نازو نیعمەتت پێدەبەخشێت کە زۆر پێی ڕازی و خۆشنوود دەبیت

**أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيمًا فَآوَىٰ (6)**

ئایا پەروەردگارت نەیبینیت بە هەتیوی و خێرا دەرووی لێکردیتەوە و لانەی بۆ سازاندیت و حەواندیتیەوە؟!

**وَوَجَدَكَ ضَالًّا فَهَدَىٰ (7)**

ئەی سەرگەردان نەبوویت و نەت
دەزانی چی بکەیت، هیدایەتی دایت و
ڕێنموویی کردیت؟!



**وَوَجَدَكَ عَائِلًا فَأَغْنَىٰ (8)**

ئەی نەیبینیت کە هەژارو نەداریت، جا ماڵ
و سامانی پێبەخشیت و دەوڵەمەندی
کردیت و بێ نیازی کردیت؟!



**فَأَمَّا الْيَتِيمَ فَلَا تَقْهَرْ (9)**

کەواتە تۆش ئەی پێغەمبەر ﷺ هەتیو
مەچەوسێنەرەوەو دڵی مەڕەنجێنە



**وَأَمَّا السَّائِلَ فَلَا تَنْهَرْ (10)**

هەڵمەشاخێ بە هەژارو داماوو
سواڵکەراندا



**وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ (11)**

بەڵکو دەربارەی نازو نیعمەتەکانی پەروەردگارت هەمیشە بدوێ
و باسیان بکە لە جێی خۆیاندا بەکاریان بهێنە

# سورەتی الیل

## شەو




وَاللَّيْلِ إِذَا يَغْشَى (1)

سوێند بە شەو کاتێک دنیا دادەگرێت



وَالنَّهَارِ إِذَا تَجَلَّى (2)

بە ڕۆژ کاتێک دنیا ڕووناک دەبێت و تاریکی دەڕەوێنێتەوە



وَمَا خَلَقَ الذَّكَرَ وَالْأُنثَى (3)

سوێند بەو زاتەی کە نێر و مێی دروست کردووە



إِنَّ سَعْيَكُمْ لَشَتَّى (4)

بەڕاستی هەوڵ و کۆششی ئێوە جۆراو جۆرە



فَأَمَّا مَنْ أَعْطَى وَاتَّقَى (5)

جا ئەوەی (ماڵ و سامان و زانستی و... هەتا دوای) دەبەخشێت و لە خواترسە...




## وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَىٰ (6)

بڕوای بتەوی بە پاداشتی چاک و بەنرخی خوایی هەیە

## فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْيُسْرَىٰ (7)

ئەوە ڕێگەی چاکە و چاکەکاری بۆ ئاسان دەکەین و سەرئەنجام دەیخەینە خێر و خۆشیەوە





## وَأَمَّا مَن بَخِلَ وَاسْتَغْنَىٰ (8)

بەڵام ئەوەی ڕەزیل و دەست نوقاو بێت و خۆی بێ نیاز بزانێت (ڕەزامەندی خوایی مەبەست نەبێت)

## وَكَذَّبَ بِالْحُسْنَىٰ (9)

بڕوای نەبێت بە پاداشت و بەهرەی چاکی خوایی و بەدرۆی بزانێت





## فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْعُسْرَىٰ (10)

ئەوە ئێمە ڕێبازی تەنگانە و ناخۆشی بۆ ئاسان دەکەین و سەرئەنجام بە دۆزەخی دەگەیەنین

## إِنَّ عَلَيْنَا لَلْهُدَىٰ (12)

بەڕاستی ڕوون کردنەوەی ڕێبازی هیدایەت و دیاریکردنی بۆ خەڵکی لەسەر ئێمەیە

## وَمَا يُغْنِي عَنْهُ مَالُهُ إِذَا تَرَدَّىٰ (11)

ئەو کاتەی کە دەمرێت و لە گۆڕ دەنرێت، ئەو کاتەش کە فڕێ دەدرێتە دۆزەخەوە ماڵ و سامان هیچ فریای ناکەوێت




## فَأَنذَرْتُكُمْ نَارًا تَلَظَّىٰ (14)

جا من ئەوەتە ئاگادارتان دەکەم و دەتانترسێنم لە ئاگرێک کە زۆر بڵێسە دەسێنێت

## وَإِنَّ لَنَا لَلْآخِرَةَ وَالْأُولَىٰ (13)

بێگومان دەسەڵاتی بێ سنورمان هەیە بەسەر پاشەڕۆژ و قیامەتدا، هەروەها بەسەر دنیادا



## الَّذِي كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ (16)

ئەوەی حەقیقەت و ڕاستی بە درۆ داناوە و پشتی هەڵکردووە (لە بەرنامەی خوا)

## لَا يَصْلَاهَا إِلَّا الْأَشْقَى (15)

ناچێتە ناوی مەگەر کەسانی ناپوخت و دڕندە و خوانەناس نەبێت.

## الَّذِي يُؤْتِي مَالَهُ يَتَزَكَّىٰ (18)

ئەو جۆرە کەسەی ماڵ و سامانی
دەبەخشێت بەوە دڵ و دەروونی خۆی
خاوێن ڕادەگرێت

## وَسَيُجَنَّبُهَا الْأَتْقَى (17)

جا خواناس و پارێزکاران لەو سزاو ناگرو
ناخۆشیە دوور دەخرێنەوە



## إِلَّا ابْتِغَاءَ وَجْهِ رَبِّهِ الْأَعْلَىٰ (20)

چونکە تەنها مەبەستی بەدەستهێنانی
ڕەزامەندیی پەروەردگاری بەرزو بڵندە

## وَمَا لِأَحَدٍ عِندَهُ مِن نِّعْمَةٍ تُجْزَىٰ (19)

لە کاتێکدا کەکەس چاکەیەکی وای
بەسەریەوە نییە کە پاداشت بدرێتەوە



## وَلَسَوْفَ يَرْضَىٰ (21)

سوێند بەخوا ئەو کەسەی وابێت لەمەولا ڕازی دەبێت بە پاداشتی دوا ڕۆژ

# سورەتی الشمس

## خۆر



**وَالشَّمْسِ وَضُحَاهَا (1)**

سوێند بەخۆر و ڕووناکییەکەی



**وَالْقَمَرِ إِذَا تَلَاهَا (2)**

وە سوێند بەمانگ کەدوا بەدوای ئەو هەڵدێت



**وَالنَّهَارِ إِذَا جَلَّاهَا (3)**

وە سوێند بە ڕۆژ کاتێ کەخۆر دەردەخات



**وَاللَّيْلِ إِذَا يَغْشَاهَا (4)**

وە سوێند بەشەو کەخۆر دادەپۆشێت

**وَالسَّمَاءِ وَمَا بَنَاهَا (5)**

وە سوێند بە ئاسمان و سوێند بەوەی دروستی کردووە



## وَالْأَرْضِ وَمَا طَحَاهَا (6)

وە سوێند بە زەوی و ئەوەی ڕای خستووە



## وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّاهَا (7)

سوێند بە دەروون و ئەو زاتەی کە بە ڕێک و
پێکی بەدیهێناوە






## فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَاهَا (8)

جا توانای خراپە و چاکە و خوانەناسی و
خواناسی تێدا دابین کردووە

## قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا (9)

سوێند بەوانە , بەڕاستی ئەو
کەسە سەرفرازە کە نەفسی پاک و
پوختە کردووە و ئیمان و ترسی
خوای تیادا ڕواندووە



## وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّاهَا (10)

بێگومان نائومێد بوو ئەو کەسەی نەفسی
خۆی ناپوخت کرد و ئاڵودەی گوناهو تاوان و
خراپەی کرد



## كَذَّبَتْ ثَمُودُ بِطَغْوَاهَا (11)

قەومی ثمود بەهۆی سەرکەشی و یاخی بوونیانەوە، بڕوایان بە پێغەمبەرەکەیان نەهێنا



## إِذِ انبَعَثَ أَشْقَاهَا (12)

کاتێک شەقاوە و خوانەناسترین کەسیان خۆیی ڕاپسکاند (بۆ سەربڕینی وشترەکە)



## فَقَالَ لَهُمْ رَسُولُ اللَّهِ نَاقَةَ اللَّهِ وَسُقْيَاهَا (13)

جا پێغەمبەری خوا (صالح) پێی وتن: واز بهێنن لەم وشترە کە موعجیزەی خوایە، مۆڵەتی بدەن لە نۆرە ئاوەکەی خۆیدا ئاو بخواتەوە



## فَكَذَّبُوهُ فَعَقَرُوهَا فَدَمْدَمَ عَلَيْهِمْ رَبُّهُم بِذَنبِهِمْ فَسَوَّاهَا (14)

کەچی بڕوایان بە هەرەشەکانی نەکرد، ئینجا وشترەکەیان سەربڕی، ئەوسا ئیتر پەروەردگاریان وڵاتی کاولکردن و لەگەڵ زەویدا تەختی کرد بەسەریاندا و کەسیان ڕزگاری نەبوو



## وَلَا يَخَافُ عُقْبَاهَا (15)

لە کاتێکدا کە خوای بەدەسەڵات لە سەرەنجامی ئەو کارەیشی هەرگیز ناترسێت



# سورەتی البلد


## شار

وَأَنتَ حِلٌّ بِهَٰذَا الْبَلَدِ (2)

لەکاتێک تۆ نیشتەجێی تێیدا

لَا أُقْسِمُ بِهَٰذَا الْبَلَدِ (1)

سوێند بە شاری مەککە



لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ فِي كَبَدٍ (4)

بەڕاستی ئێمە ئینسانمان دروست کردووە و بەردەوام لە نارەحەتی و سەغڵەتی و کێشە و ناخۆشیدا

وَوَالِدٍ وَمَا وَلَدَ (3)

سوێند بە باوک و ڕۆڵەکەی



يَقُولُ أَهْلَكْتُ مَالًا لُّبَدًا (6)

دەڵێت: من پارەی زۆرم لە ناوداوە!! من ماڵی زۆرم خەرج کردووە!!

أَيَحْسَبُ أَن لَّن يَقْدِرَ عَلَيْهِ أَحَدٌ (5)

ئایا ئادەمیزاد وادەزانێت کە هەرگیز کەس دەسەڵاتی بەسەریدا نابێت؟

## أَيَحْسَبُ أَن لَّمْ يَرَهُ أَحَدٌ (7)

ئایە وادەزانێت کەس ئاگادار نییە چۆن
پەیدای کردووە

## أَلَمْ نَجْعَل لَّهُ عَيْنَيْنِ (8)

ئایە جووتێک چاومان پێ نەبەخشیووی ؟



## وَلِسَانًا وَشَفَتَيْنِ (9)

زمان و دوو لێوەشمان پێ نەبەخشیووە؟

## وَهَدَيْنَاهُ النَّجْدَيْنِ (10)

ئایە بە منداڵی ڕێنمویمان پێ نەکردووی
تاوەکو شیری دایکت بخۆیت ؟



## فَلَا اقْتَحَمَ الْعَقَبَةَ (11)

کەچی زۆربەی نەیتوانی زاڵبێت بەسەر
کۆسپ و ڕێگای ڕاست بگرێتە بەر !

## وَمَا أَدْرَاكَ مَا الْعَقَبَةُ (12)

جا تۆ چووزانی ئەو کۆسپ و
لەمپەرانە کامەن؟

أَوْ إِطْعَامٌ فِي يَوْمٍ ذِي مَسْغَبَةٍ (14)

و نان دانە لەڕۆژی گرانی و برسێتی دا

فَكُّ رَقَبَةٍ (13)

ئازاد کردنی کۆیلەیە



أَوْ مِسْكِينًا ذَا مَتْرَبَةٍ (16)

یان بە هەژارێک کە لە هەژاریدا لەسەر خاک دانیشێت، یان پەککەوتە و کەفتەکارێک

يَتِيمًا ذَا مَقْرَبَةٍ (15)

بەتایبەتی بەو هەیتووەی کە خزمایەتی هەیە لەگەڵیدا

**أُولَٰئِكَ أَصْحَابُ الْمَيْمَنَةِ (18)**

ئەوانەی بەو سیفەتە جوانانە خۆیان دەڕازێننەوە و بەختەوەرن

**ثُمَّ كَانَ مِنَ الَّذِينَ آمَنُوا وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ وَتَوَاصَوْا بِالْمَرْحَمَةِ (17)**

سەرەڕای ئەوانەش ئادەمیزاد دەبێت لەوانەبێت کە باوەڕیان هێناوە و ئامۆژگاری یەکتریان کردووە لەسەر خۆگری و ئارامگری و هەروەها ئامۆژگاری یەکتریان کردووە لەسەر ڕەحم و بەزەیی و میهرەبانی



**عَلَيْهِمْ نَارٌ مُّؤْصَدَةٌ (20)**

ئەوانە دەرگا و قاپیەکانی دۆزەخ لەسەریان داخراوە و هیچ هیوایەکی ڕزگارییان نیە

**وَالَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِنَا هُمْ أَصْحَابُ الْمَشْأَمَةِ (19)**

ئەوانەش کە باوەڕیان بە ئایەت و فەرمانەکانی ئێمە نەبووە، ئەوانە دەستەی خوارو چەپ و چەوت و نالەباران، دەستەی نەگبەت و سەرلێشیواوەکانن

# تەنــیاحاجی

## خانمە نووسەر و پزیشک و چالاکوانی کورد

بەرهەمەکانی :

- چیرۆکەکانی شاژن
- سام و سەهەل
- عیشق بۆ لەبەرکردنی سوورەتی الصف
- پلانەری مانگی ڕەمەزان
- وێنەیەک لە قورئانەوە

دامەزرێنەری :

- چەناڵی تەنیاحاجی لە تیلیگرام
- فێرگەی تەنیاحاجی
- بۆتی تەنیاحاجی
- ناوەندی تەنیاحاجی بۆ لەبەرکردنی قورئان

tanyahaji7

0750 395 42 69

إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ فِي لَيۡلَةِ ٱلۡقَدۡرِ

ئێمە قورئانمان دابەزاندووە لە شەوی قەدر و بەڕێزدا



2024